
**١٧ـ یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای مافی دانەر و هاوسێکانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق[1].**

---

[1] ئەم یاسایە ، یاسای مافی دانەری عێراقی ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧١ و هەموارکردنەوەکانی لە کارخستووە .

# ساڵی ٢٠١٣

١ـ یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣ .

٢ـ یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

٣ـ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاریی لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

٤ـ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ .

٥ـ یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەکان .

٦ـ یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای یەکەمین هەموارکردنی دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠ .

٧ـ یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای سێهەم هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

٨ـ یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

٩- یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری سێیەمی سندوقی خانەنشینی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان – عێراقی ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ .

١٠- یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

١١- یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای جێبەجێکردنی یاسای راژەی زانکۆیی فیدراڵی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

١٢- یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای بەرپرسیار نەبوونی بەشداربووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان – عێراق لەرووی سزایی و شارستانی .

١٣- یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

١٤- یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراقی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو .

١٥- یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

١٦ـ یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرانی دادی ژمارە (٨٠)ی ساڵی ٢٠١٢ ی ئیتیحادی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

١٧ـ یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

١٨ـ یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق[١].

---

[١] یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای سێهەم هەمواری یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ بە بریاری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گەرێنراوەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان . . رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٦٥) لە ١٧/ ٦/ ٢٠١٣ .

## ساڵی ٢٠١٤

١ـ یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

٢ـ یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٣ـ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی .

٤ـ یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٥ـ یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٦ـ یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

# بڕیارەکان

# ساڵی ١٩٩٢

**بڕیاری ژمارە (١) لە ١٥/ ٧/ ١٩٩٢**

بەستنەوەی هەموو زاڵگە و خاڵەکانی پشکنین بە هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە بەرواری ١٥/ ٧/ ١٩٩٢ .

**بڕیاری ژمارە (٢) لە ١٥/ ٧/ ١٩٩٢**

قەدەغەکردنی بردنە دەرەوەی دانەوێڵە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان .

**بڕیاری ژمارە (٣)لە ٢٩/ ٧/ ١٩٩٢**

گەڕانەوەی هەموو ئەفسەر و پلەدارەکانی سوپا و پۆلیسی ناوخۆ ئەوانەی دوورخرابوونەوە لە سەرکارەکانیان بە هۆی هەبوونی پەیوەندییان بە بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بۆ سەر کاروبارەکانیان یاخود پیێ سپاردنی وەزیفەی شارستانی پێیان .

**بڕیاری ژمارە (٤) لە ٢٩/ ٧/ ١٩٩٢**

پێکهێنانی لیژنەیەك لە یاسایی و هونەریی و شارەزایان بەمەبەستی چاوخشانەوە بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرکارن .

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ١/ ٨/ ١٩٩٢**

دەسەڵاتدان بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە هەرێم و دەرکردنی رێنمایی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم بارەیەوە.

**بڕیاری ژمارە (٦) لە ١١/ ٨/ ١٩٩٢**

پابەندکردنی فەرمانگە رەسمیەکان و هاولاتیان بە مامەڵەکردن بەو دراوە لەبەرگیراوەی کە لەبەردەستدایە بە هەموو هێزی نەختینەیەوە گەرهاتوو یەکێك لە مەرجەکانی ئاسایشیی تیابەدی هاتبوو.

**بڕیاری ژمارە (٧)لە ١١/ ٨/ ١٩٩٢**

پوچەڵکردنەوەی هەموو مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتنی ماڵ و سامانی گوازراوەی بەرپرسانی پێشووی رژێمی عێراق[١].

**بڕیاری ژمارە (٨) لە ١٨/ ٨/ ١٩٩٢**

راسپاردنی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بۆ پەلەکردن لە دابینکردنی پێداویستییەکانی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکان لە ناوچەکانی نیشتەجێبونیان.

---

[١] ئەم بڕیارە بە بڕیاری ژمارە (٥٥) لە ١٢/ ١٠/ ٢٠٠٤ هەڵوەشاوەتەوە.

**بڕیاری ژمارە (١١) لە ٣١/٨/ ١٩٩٢**

کارنەکردن بەو یاسا و بڕیار و ڕێنماییانەی کە لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە دەرچوون یان دەردەچن لە پاش کشانەوەی ئیداراتی حکومەتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان لە ٢٣/ ١٠/ ١٩٩١ .

**بڕیاری ژمارە (١٢) لە ٣١/٨/ ١٩٩٢**

ماف نەدان بە هیچ وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراوە بە وەزارەت لە هەرێمی کوردستان کە مۆڵەتی دامەزراندنی پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراو بدەن، تا ئەو کاتەی یاسای تایبەتی بۆ دەردەچێت .

**بڕیاری ژمارە (١٣) لە ١٣/ ٩/ ١٩٩٢**

زیادکردنی موچەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق .

**بڕیاری ژمارە (١٤) لە ١٤/ ٩/ ١٩٩٢**

دامەزراندنی زانکۆی دهۆك لە پارێزگای دهۆك .

**بڕیاری ژمارە (١٧) لە ٢٢/ ٩/ ١٩٩٢**

ڕێگە نەدان بە تەرخانکردنی هیچ بڕە پارەیەك مەگەر بەرەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان نەبێت .

**بڕیاری ژماره (١٨) له ٢٢/ ٩/ ١٩٩٢**

گەڕانەوەی سەرجەم یەکە کارگێڕییە هەڵوەشێنراوەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندی له هەرێمی کوردستان دوای ١١/ ٩/ ١٩٦١ و لەو سنورەی لەو کاتەدا بەرکار بووه .

**بڕیاری ژماره (٢١) له ٤/ ١٠/ ١٩٩٢**

رێگەگرتن له ناردنه دەرەوەی هەموو جۆره مەکائین و کەرەستەیەکی ئەلەکترۆنی و پزیشکی بۆ دەرەوەی هەرێم .

**بڕیاری ژماره (٢٢) له ٤/ ١٠/ ١٩٩٢**

بڕیاری جاڕدانی فیدراڵی له هەرێمی کوردستان .

**بڕیاری ژماره (٢٣)له ٧/ ١٠/ ١٩٩٢**

بەردەوامبوونی دەسەڵاتدارێتی تایبەتمەند له هەرێمی کوردستان لەسەر مومارەسەکردنی دەسەڵاته فیدرالیەکان .

**بڕیاری ژماره (٢٤) له ٧/ ١٠/ ١٩٩٢**

قەدەغەکردنی فەرمانبەرانی فەرمانگه داراییەکان و دامەزراوه بازرگانیەکان و ئەو فەرمانبەرانەی که له بواری دارایی و ژمێریاریی فەرمانگەکانی هەرێمدا کار دەکەن له مامەڵەکردنی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ به دراوی کاغەزی نیشتمانیی یا بیانی .

**بڕیاری ژمارە (٢٩) لە ٣١/ ١٠/ ١٩٩٢**

سەرلەنویٚ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لەساڵی خوێندنی ١٩٩٢ / ١٩٩٣ .

**بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ١٤/ ١١/ ١٩٩٢**

بەرزکردنەوەی پلەی دادوەری دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە سنفەکانی (٢ و ٣ و ٤) .

**بڕیاری ژمارە (٣٥)لە ١٤/ ١١/ ١٩٩٢**

جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەی پێشتر لە دادگاکانەوە دەرچوون لەبەر ئەوەی شەرعیەتیان لە بەرەی کوردستانیەوە وەرگرتووە کە دەسەلاٚتی ئەمری واقیعی هەبووە .

**بڕیاری ژمارە (٣٧)لە ٢١/ ١١/ ١٩٩٢**

دانانی رۆژی (١٦)ی ئازار بە رۆژی شەهید .

**بڕیاری ژمارە (٤٠) لە ١٤/ ١٢/ ١٩٩٢**

رەتکردنەوەی پرۆژەی پێشنیارکراوی گۆڕینی ناوی زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانکۆی هەولێر .

**بڕیاری ژمارە ٤٢ لە ١٩/ ١٢/ ١٩٩٢**

ڕەتکردنەوەی پرۆژە بڕیاری گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی .

**بڕیاری ژمارە (٤٦) لە ٢٨/ ١٢/ ١٩٩٢**

فرۆشتنی ئەو موڵك وماڵانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرێت بە زیادکردنی ئاشکرا و چۆنیەتی دابەشکردنی .

**بڕیاری ژمارە (٤٣) لە ٢٨/ ١٢/ ١٩٩٢**

هەڵگرتن و گلدانەوەی چەکی شەخسی (دەمانچە یان تفەنگ) لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە[1] .

**بڕیاری ژمارە (٤٨)لە ٣٠/ ١٢/ ١٩٩٢**

بەدەرکردنی دامەزراندنی سەرۆك و ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە و دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتیی هەرێم لە حوکمەکانی یاسای ڕێکخستنی دادوەریی ژمارە (١٦٠)ی ساڵی ١٩٧٩ ی بەرکار .

---

[1] ئەم بڕیارە بە گوێرەی ماددە چواری یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق هەڵوەشاوەتەوە .

# ساڵی ١٩٩٣

**بڕیاری ژمارە (١) لە ٣/ ١/ ١٩٩٣**

دەسەڵاتدان بەو ئەنجومەنە کاتییەی کە لەلایەن پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە پێکهاتووە بۆ مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای پارێزەرانی ژمارە (١٧٣) ی ساڵی ١٩٦٥دا هاتووە.

**بڕیاری ژمارە (٢) لە ٣/ ١/ ١٩٩٣**

بەردەوامبوونی خولی ئەنجومەنی نیشتمانی .

**بڕیاری ژمارە (٣)لە ٢١/ ١/ ١٩٩٣**

وەستانی هەموو مامەڵەکانی (ئیستیملاك و گۆڕین ) لە تەواوی هەرێمی کوردستان.

**بڕیاری ژمارە (٤) لە ٢٤/ ١/ ١٩٩٣**

گەڕانەوەی خاوەنداریێتی ئەو خانوانەی ناسراون بە خانووی ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزی بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم.

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ٢٨/ ١/ ١٩٩٣**

دانانی رۆژی (٥)ی ئازار بە رۆژی دەستپێکردنی راپەڕینی گەلی کوردستانی عێراق.

**بڕیاری ژمارە (٦) لە ٣١/ ١/ ١٩٩٣**

وەستاندنی كاركردن بە بڕیاری ژمارە (٧٢٠ لە ٩/ ١/ ١٩٨٩) ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٧)لە ١٠/ ٢/ ١٩٩٣**

كرێی شاند و سەفەری فەرمانبەر .

**بڕیاری ژمارە (١٠)لە ٢٢/ ٢/ ١٩٩٣**

بەرزكردنەوەی پلەی هەموو ئەو یەكە كارگێڕییانەی كە لە لایەن رژێمی عێراقەوە گۆرانكارییان تیاكراوە لە پاش (١١/ ٩/ ١٩٦١ ) بۆ پلەكانی پێشوویان .

**بڕیاری ژمارە (١١) لە ٢٢/ ٢/ ١٩٩٣**

سڕكردنی یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی ١٩٨٣ و ئەو رێنماییەی كە بۆی دەرچووە، هەروەها سڕكردنی بڕیارەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش بە ژمارەكانی( ٣٦٤ و ٣٦٧/ ١٩٩٠) و ئەو رێنماییانەی پێی دەركراوە .

**بڕیاری ژمارە (١٣) لە ٢٨/ ٢/ ١٩٩٣**

دامەزراندنی دادگایەك بە ناوی دادگای هەمیشەیی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی كوردستانی عێراق كە بارەگاكەی لە هەولێر بێت .

**بڕیاری ژمارە ( ١٩ ) لە ١٧/ ٣/ ١٩٩٣**

پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەکی نارەزایەتی بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش و رێکخراوە هاپێوەندەکان بۆ گرتنەبەری هەڵویستی توند و دانانی سنورێك بۆ پێشێلکارییەکانی رژێمی عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ.

**بڕیاری ژمارە (٢٠) لە ٢٠/ ٣/ ١٩٩٣**

ئەژمارکردنی ماوەی دەستگیرکردن و زیندانیکردن بە پاڵنەری سیاسی و دوورخستنەوەی سیاسی، بە راژەی فیعلی بۆ مەبەستەکانی پلەبەرزکردنەوە و سەرمووچە .

**بڕیاری ژمارە (٢٧) لە ٢٧/ ٥/ ١٩٩٣**

وەرگرتنی بڕی (٢٥٠) فلس لە هەموو هاوبەشێکی ئاو لە شاروشارۆچکەکانی هەرێم.

**بڕیاری ژمارە (٢٨) لە ٢٧/ ٥/ ١٩٩٣**

رەتکردنەوەی پرۆژە بڕیاری خاوەندارێتیکردنی ئەوجوتیارانەی که خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئەو زەویانەی بەکاری دەهێنن.

**بڕیاری ژمارە (٢٩) لە ٢٧/ ٥/ ١٩٩٣**

پێدانی بڕی پەنجا دینار وەك زیادە بۆ سەر مووچەی ئەو مامۆستایانەی کە لە شوێنی نیشتەجێبونیانەوە هاتوچۆی شاروشارۆچکە و گوندەکان دەکەن بەمەبەستی وانە وتنەوە .

**بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ٢٠/ ٦/ ١٩٩٣**

پێدانی بڕی (٢٥٠) دینار مانگانە بە کەسوکاری شەهیدانی رزگاریخوزای کوردستان.

**بڕیاری ژمارە (٣٥)لە ٣/ ٧/ ١٩٩٣**

سڕکردنی ژمارەیەك لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و کار پێنەکردنیان:

(١٩٧ لە ١٥/ ٩/ ١٩٨٦) و (٨٣٧ لە ١٤/ ٦/ ١٩٧١ ) و (١٣٥٧لە١٠/ ١١/ ١٩٧١) و( ١٧٦ لە ٢٤/ ٢/ ١٩٧٤ )و(٨٠٧ لە ٢٩/ ٧/ ١٩٧٥) و( ٨٨٤ لە ٣/ ٣/ ١٩٧٨)و ( ١٣٨٦لە٢٠/ ١٠/ ١٩٧٩)و(١٧٠٨لە ١٧/ ١٢/ ١٩٨١) و (٤٥٨ لە ٢١/ ٤/ ١٩٨٤) و( ١١٢٨ لە ٢١/ ٩/ ١٩٨٥) و( ١٥٢٩ لە٣١/ ١٢/ ١٩٨٥) و (٧٤٩ لە ٣/ ٩/ ١٩٨٦) و(٨٤٠ لە٤/ ١١/ ١٩٨٦) و( ٧٣٦ لە ٨/ ٩/ ١٩٨٨) و( ٥٢٩لە ٢٣/ ٨/ ١٩٨٩ ) و (٦٣٢ لە ٧/ ١٠/ ١٩٨٩).

**ژمارە (٣٦) لە ١١/ ٧/ ١٩٩٣**

درێژکردنەوەی خولی ئەنجومەنی نیشتمانیی کە ماوەکە لە ٣٠/ ٦/ ١٩٩٣ بۆ ١٥/ ٧/ ١٩٩٣ کۆتایی دێت.

**بڕیاری ژمارە (٣٧)لە ١١/ ٧/ ١٩٩٣**

بەدەرکردنی پێشنوێژ و وتارخوێنەکان لە تەمەنی خانەنشینی.

**بڕیاری ژمارە (٣٨) لە ١٨/ ٧/ ١٩٩٣**

هەموارکردنی ماددەی (٢٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٤٣) لە ١٩/ ١٠/ ١٩٩٣**

دانانی ماوەی نێوان (١/ ١٠/ ١٩٩١ تا ٣٠/ ٩/ ١٩٩٢) بە راژەی فیعلی دوو هێندەیی بۆ مەبەستەکانی پلەبەرزکردنەوە و سەرمووچە بۆ تەواوی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان.

**بڕیاری ژمارە ٤ لە ١٠/ ٣/ ١٩٩٤**

پەسەندکردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کودستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٤ .

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ٣١/ ٣/ ١٩٩٣**

دابینکردنی دوو سەد و پەنجا پلەی وەزیفی لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بۆ مامۆستای سەرەتایی .

# ساڵی ١٩٩٤

**بڕیاری ژمارە (٩) لە ٣/ ٥/ ١٩٩٤**

ئەو پێشمەرگانەی کە بەشداری کاروانی پاڵەوانێتی بارزانیان کردووە لە ماوەی نێوان (١٩٤٥ – ١٩٥٨) حوکمەکانی یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٢ دەیانگرێتەوە .

**بڕیاری ژمارە (١١) لە ٣/ ٥/ ١٩٩٤**

سەرپشککردنی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان بە تەواوی ئەو دەسەلاّت و تایبەتمەندییانەی سپێراوە بە ئەنجومەنی دادیی کە لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراودا هاتووە لەوەی پەیوەندی هەیە بە ئەندامانی داواکاری گشتییەوە .

**بڕیاری ژمارە (١٢) لە ٣/ ٥/ ١٩٩٤**

وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٦٠٠) لە ٢٧/ ٤/ ١٩٨٠ .

**بڕیاری ژمارە (١٣) لە ٢/ ٧/ ١٩٩٤**

وەرگرتنی بڕی (٠,٠٠١) ی بەهای خانوبەرە لە مامەڵەکانی پشتگریی تایبەت بەو خانوبەرانەی کە تۆمار و دۆسیەکانیان فەوتاوە یان لە ناوچووە لە کاتی راپەڕینی مانگی ئازاری ١٩٩١ دا.

**بڕیاری ژمارە (١٧) لە ٣٠/ ٧/ ١٩٩٤**

ئەژمارکردنی ماوەی خزمەتی دەرەوەی فەرمانگە رەسمییەکانی پێشنوێژ و وتارخوێنەکانی مزگەوت و دامەزراوە ئاینیەکان.

**بڕیاری ژمارە (٢٠) لە ٨/ ٩/ ١٩٩٤**

وەرگرتنی بڕی (٥٠) دینار وەك رەسمی بڕاوە (مقطوع) بۆ ئەنجامدانی ئەو مامەڵانەی تایبەتن بە تۆماری خانووبەرە.

**بڕیاری ژمارە (٢١) لە ٩/ ١٠/ ١٩٩٤**

دانانی ساڵی خوێندنی ساڵی ١٩٩٣ – ١٩٩٤ بە ساڵی نەکەوتن بۆ قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆ .

**بڕیاری ژمارە (٢٢) لە ٩/ ١٠/ ١٩٩٤**

گۆڕینی ناونیشانی (فەرمانبەری برین پێچ) لە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلأیەتی بۆ ناونیشانی (برین پێچ).

**بڕیاری ژمارە (٢٣) لە٩/ ١٠/ ١٩٩٤**

هاوتاکردنی مۆڵەتی زانستی زانایانی ئاینی کە لەلایەن یەکێك لە زانا دانپێدانراوەکان لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییەوە ئیعترافی پێکرا بێت وەك بروانامەی دەرچووی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی سەر وەزارەتی ئەوقاف.

**بڕیاری ژمارە (٢٤) لە ١١/ ١٠/ ١٩٩٤**

خاوەنداریێتیکردنی هەموو زەویی ئەمیری (صرف) لە هەرێمی کوردستان کە تەرخانکراوە بۆ مەبەستەکانی گەشتوگوزار لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ـ دەستەی گشتی گەشتوگوزار ـ بەبێ بەدەل و بەدەر لە حوکمی یاسا بەکارەکان.

**بڕیاری ژمارە (٢٥) لە ١٢/ ١٠/ ١٩٩٤**

دووبارە تۆمارکردنەوەی رووبەری (١٨٥٢) دۆنم لە پارچەی زەوی ژمارە( ١/ ١١)کەرتی نوێی زاب کە بە ناوی خاوەن مافە تەسەروفیەکانەوە کوژاوەتەوە لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (١٨٤ و ١/ ١٢ و ١/ ١١) کەرتی کەردز – قوشتەپە.

**بڕیاری ژمارە (٢٦) لە ١٦/ ١٠/ ١٩٩٤**

پێدانی دەرماڵەی بڕاوە (مقطوع) بە فەرمانبەرانی هەرێم .

**بڕیاری ژمارە (٢٩) لە ٢٤/ ١١/ ١٩٩٤**

پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەی کابینەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٣٠)لە ٢٦/ ١١/ ١٩٩٤**

هەموارکردنەوەی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان لەوانەی دەیانگرێتەوە لە (٧٠) دینارەوە بۆ (١٥٠) دینار مانگانە .

**بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ٢٧/ ١١/ ١٩٩٤**

خەرجکردنی موچەی خانەنشینان لەوانەی لە ئێستادا نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن (ئەوانەی موچە لە دەرەوی هەرێم وەردەگرن) لە خەزێنەی هەرێمی کوردستان .

# ساڵی ١٩٩٦

## بڕیاری ژمارە (٨)لە ١٨/ ١٢/ ١٩٩٦

بڕیاردان لە پەیڕەوی ناوخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# ساڵی ١٩٩٧

**بڕیاری ژمارە (١) لە ١١/ ٣/ ١٩٩٧**

دانانی رۆژی (١٤) ی هەموو ساڵێك بە جەژنی نیشتمانی و نەتەوەیی لە هەموو کوردستان و پشووی رەسمی دەبێت لە هەرێم .

**بڕیاری ژمارە (٢) لە ١١/ ٣/ ١٩٩٧**

ئاهەنگ گێڕانی فەرمی و میللی لە هەرێمی کوردستان بە بۆنەی نەورۆزەوە بۆ ماوەی سێ رۆژ دەبێت لە هەموو ساڵێکدا لەرۆژی( ٢١/ ٣) .

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ١٩/ ٣/ ١٩٩٧**

پەسەندکردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٧ .

**بڕیاری ژمارە (٦) لە ١٩/ ٣/ ١٩٩٧**

پەسەندکردنی ژمێرەی کۆتایی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ .

**بڕیاری ژمارە (٧) لە ٢/ ٦/ ١٩٩٧**

هەڵواسینی وێنەی بارزانی نەمر لە تەواوی فەرمانگە و دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێم .

**بڕیاری ژمارە (٩) لە ٢/ ٦/ ١٩٩٧**

ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی .

**بڕیاری ژمارە (١٧) لە ٢٣/ ٩/ ١٩٩٧**

ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاسای (دواخستنی بینینی ئەو داوایانەی کە لەبەرەنجامی حکومەتەکانی پێشووەوە پەیدابوون) .

**بڕیاری ژمارە (٢١) لە ٥/ ١٠/ ١٩٩٧**

پێدانی دەرماڵەی مەترسی تایبەت و بڕاوە(مقطوع) بە بری (٥٠٠) دینار بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا و هاوتاکانیان لە فەرمانگە و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان .

**بڕیاری ژمارە (٢٢) لە ٦/ ١٠/ ١٩٩٧**

وەستانی کارکردن بە یاسای ژمارە (٤٩) ی ساڵی ١٩٩٠ و یاسای هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ و بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (١٤٥) لە ٢١/ ٥/ ١٩٩١ .

**بڕياری ژمارە (٢٣) لە ٦/ ١٠/ ١٩٩٧**

دووباری خەملاندنی نرخی خانووبەرەی بەكرێدراو كە بۆ غەيری مەبەستی نيشتەجێ بوون بەكارهێنرابێت[1] .

**بڕياری ژمارە (٢٤) لە ٦/ ١٠/ ١٩٩٧**

رەتكردنەوەی پرۆژەی دەسەڵاتپێدانی ئەنجومەنی وەزيران بە پێدانی دەرماڵەی جۆراوجۆر بە فەرمانبەرانی هەرێم .

**بڕياری ژمارە (٢٥) لە ٦/ ١٠/ ١٩٩٧**

دانانی تەمەنی خانەنشينی زۆرەملێی مامۆستايان و سەرپەرشتيارانی پەروەردەيی و پسپۆڕەكان بە (٦٨)ساڵ لە بری ٦٣ ساڵ.

**بڕياری ژمارە (٣٠)لە ٢١/ ١٠/ ١٩٩٧**

دامەزراندنی سەنديكايەكی كاتی بۆ پزيشكان كە تەواوی دەسەڵاتە ياسايی و دارايی و كارگێڕييەكانی ياسای سەنديكای پزيشكانی ناوندی ژمارە (٨١) ی ساڵی ١٩٨٤ی هەبێت .

---

[1] ئەم بڕيارە بە گوێرەی بڕياری ژمارە ٨ لە ٢٩/ ٤/ ١٩٩٩ ی ئەنجومەنی نيشتمانی كوردستان هەلوەشاوەتەوە .

## بڕیاری ژمارە (٣١) لە ١١/ ٦/ ١٩٩٧

ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی لەلایەن دەسەلاّتدارانی قەزایی دژ بە هەردوو ئەندامی پەرلەمان عەبدوللاّ ڕەسول عەلی (کوسرەت) و مستەفا سەید قادر بە گوێرەی ئەو تۆمەتەی ئاراستەیان کراوە بە پێی ماددەی( ٤٠٦/ ١ ) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو[١] .

## بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ٨/ ١١/ ١٩٩٧

سڕکردنی یاسای ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٨٥ یاسای باجی جێماوەکان(قانون ضريبة التركات) لە هەموو هەرێمی کوردستان [٢] .

## بڕیاری ژمارە (٣٨) لە ٢٨/ ١٢/ ١٩٩٧

پەسەندکردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٨ .

---

[١] ئەم بڕیارە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١٢) لە (٣/ ١٠/ ٢٠٠٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵوەشاوەتەوە .

[٢] ئەم بڕیارە بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ساڵی (١٩٨٢)ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان هەڵوەشاوەتەوە .

## ساڵی ١٩٩٨

**بڕیاری ژمارە (١) لە ١٨/ ٣/ ١٩٩٨**

دانانی رۆژی( ٥/ ٣ ) ی هەموو ساڵێك ـ رۆژی دەستپێکردنی راپەرینی گەلی کوردستان ـ وەك پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان .

**بڕیاری ژمارە (٢) لە ١٨/ ٣/ ١٩٩٨**

دانانی رۆژی( ١١/ ٣ )لە هەموو ساڵێك رۆژی رێکەوتنامەی( ١١ ئازار )بە رۆژی پشووی فەرمی لە هەرێم .

**بڕیاری ژمارە (٤) لە ١٨/ ٣/ ١٩٩٨**

رەتکردنەوەی ئەو پرۆژەیەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێراوە دەربارەی هەموارکردنەوەی برگەی (٢) لە ماددەی (٤) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ تایبەت بە پۆستی بەرێوەبەری دادی گشتیی .

**بڕیاری ژمارە (٨)لە ٥/ ٤/ ١٩٩٨**

بەرپرسیارنەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پابەندییە وەزارییەکانی ئەو حکومەتەی کە لە هەولێری پایتەخت کاری کردووە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان( ١٦/ ١٢/ ١٩٩٤ تا ٣١/ ٦/ ١٩٩٦) .

**بڕیاری ژمارە (١٢) لە ٢٩/ ٤/ ١٩٩٨**

رەتکردنەوەی پرۆژە بڕیاری دانانی تەمەنی زۆرەملێی خانەنشینی پزیشکان و پزیشکانی ددان و دەرمانساز بە (٦٨) ساڵ لە بری (٦٣) ساڵ.

**بڕیاری (١٤) لە ٢٩/ ٤/ ١٩٩٨**

هەموارکردنی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**بڕیاری ژمارە (١٧) لە ٢٦/ ٩/ ١٩٩٨**

هەموارکردنی سێهەمی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق .

# ساڵی ١٩٩٩

**بڕیاری ژمارە (٣) لە ٢٨/ ٤/ ١٩٩٩**

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش ژمارە (٨٥٩ لە١٠/ ٨/ ١٩٧٥) و (٣٢ لە ٢٠/ ٥/ ١٩٧٨).

بڕیاری ژمارە (٤) لە ٢٨/ ٤/ ١٩٩٩

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش ژمارە( ٣٥٨ لە ١٦/ ٣/ ١٩٧٨) .

**بڕیاری ژمارە (٨) لە ٢٩/ ٤/ ١٩٩٩**

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق ژمارە (٢٣) لە ٦/ ١٠/ ١٩٩٧ لەگەڵ سەرجەم ڕێوشوێنەكان و بڕیارەكان كە بە گوێرەی ئەو بڕیارە گیراونەتە بەر .

**بڕیاری ژمارە (١٠) لە ١٩/ ٩/ ١٩٩٩**

دانانی ڕۆژی (١٨) ی شوباتی هەموو ساڵێك لە هەرێمی كوردستان بە ڕۆژی قوتابیان و لاوان .

**بڕیاری ژمارە(١١) لە ٢٢/ ٩/ ١٩٩٩**

بەپارێزگاکردنی هەریەك لە قەزاکانی سۆران و ئاکرێ و رانیە و هەڵەبجە .

**بڕیاری ژمار (١٢) لە ٢٢/ ٩/ ١٩٩٩**

دەسەڵاتدان بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی لێبوردنی تایبەت لەو سزادراوانەی کە لەبەردەم دادگادا و لە لایەن لایەنەکانی دۆسیەکەوە ئاشتەوایی تیا کراوە .

**بڕیاری ژمارە (١٣)لە ٢٢/ ٩/ ١٩٩٩**

تەملیك کردنی ئەو خانوانەی دەکەونە گەڕەکی شەهید (عەبدوڵلا قادو) کە لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٤) کەرتی (٨٨) دروستکراون لە قەزای ئاکرێ.

**بڕیاری ژمارە (١٧) لە ٢/ ١١/ ١٩٩٩**

پێویستە لەسەر خاوەن ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە تابلۆی هاتنە ناوەوەی گومرکی کاتیان هەیە سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابوری و ناوخۆ بکەن بۆ دانی رسوماتی پێویست لە ماوەیەك کە لە (٩٠) رۆژ تێپەرنەکات .

**بڕیاری ژمارە (١٩) لە ٤/ ١١/ ١٩٩٩**

**جیاکردنەوەی تاقیگەی ناوەندی بۆ ئینشائات لە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن بە هەموو میلاکات و کەرەستە و ئامێرو ئۆتۆمبیلەکانیانەوە و بەستنەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە .**

**بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ١٩/ ١٢/ ١٩٩٩**

**ڕەتکردنەوەی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٩٩ .**

## ساڵی ۲۰۰۰

**بڕیاری ژمارە (۳) لە ۲/ ٤/ ۲۰۰۰**

هەڵوەشاندنەوەی مادەی سی و شەش لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ۹/ ٤/ ۲۰۰۰**

درێژکردنەوەی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (۱۷) لە ۲/ ۱۱/ ۱۹۹۹ دەرچوو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقی بۆ ماوەی سێ مانگ لەبەرواری کۆتایی هاتنی ماوەی بەرکاربوونی .

**بڕیاری ژمارە (۷)لە ۱۱/ ٤/ ۲۰۰۰**

پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی تایبەت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (۹۸٦) و بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك ئەوەندەی کە پەیوەندی بە کوردستانی عێراقەوە هەبێت .

**بڕیاری ژمارە (۸) لە ۱۹/ ٤/ ۲۰۰۰**

دەسەڵاتدان بە دەستەی کاتی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ دیاریکردنی بەروارێك بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە مەرجێك کە لە ۱٥/ ٥/ ۲۰۰۰ تێپەڕ نەکات .

**بڕیاری ژمارە (١٦) لە ٢٤/ ٩/ ٢٠٠٠**

درێژکردنەوەی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ لە ٤/ ٨/ ٢٠٠٠ تا ٤/ ١/ ٢٠٠١.

**بڕیاری ژمارە (٢٦)لە ١٣/ ١١/ ٢٠٠٠**

وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەکردایەتی شۆڕش ژمارە (٨١٥ لە ٢٠/ ٦/ ١٩٨٢) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

# ساڵی ۲۰۰۱

**بڕیاری ژمارە (۳) لە ۱۲/ ٤/ ۲۰۰۱**

هەموارکردنی چوارەمی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

**بڕیاری ژمارە (۳) لە ۲/ ٥/ ۲۰۰۱**

هەڵوەشاندنەوەی قەیدی تۆماری خانوبەرەی پارچەی زەوی ژمارە( ٥ /۷ )کەرتی (٤٥)ی ماسیکی کە رووبەرەکەی (٥۸۰) دۆنمە و بە ژمارە ۲۱ی نیسانی ۱۹۹٦ لە بەرگی (۳۰۸) تۆمارکراوە لە دهۆك.

**بڕیاری ژمارە (۷) لە ٥/ ٦/ ۲۰۰۱**

پوچەڵکردنەوەی مامەڵەی تۆمارکردنی تازە لەسەر ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان لە چوارچێوەی کاروبارەکانی تێبینەرایەتی تۆماری خانوبەرە لە زاخۆ .

**بڕیاری ژمارە (۸) لە ۲۸/ ٦/ ۲۰۰۱**

وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (۲۱۱) ی ساڵی ۱۹۸٤.

## بڕیاری ژماره (١٠) له ١٠/ ١٠/ ٢٠٠١

دهسهلاّتدان به سهرۆكی ئهنجومهنی وهزیران بهدهركردنی بڕیاری لێخۆشبوونی تایبهت لهو سزادراوانهی كه ئاشتهوایی له كێشهكانیاندا كراوه لهبهردهم دادگا [1] .

## بڕیاری ژماره (١١)له ٢٥/ ١٠/ ٢٠٠١

درێژكردنهوهی كاركردن به بڕیاری ئهنجومهنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژماره (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ بۆ ماوهی دوو ساڵ لهبهرواری كۆتایی هاتنی ماوهی كارپێكردنی له ٤/ ١/ ٢٠٠١ .

## بڕیاری ژماره (١٢) له ١٨/ ١١/ ٢٠٠١

به ههند وهرنهگرتنی ئهو نرخهی جێگیركراوه له بهڵێننامهی ئهو خانوبهرهی لهدهرهوهی فهرمانگهی تۆماركردنی خانوبهره دهفرۆشرێت له دهعواكانی تهملیك كردن كه له بڕیاری ژماره (١١٩٨) ی ساڵی ١٩٧٧ی ههمواركراودا هاتوه.

---

[1] ئهم بریاره به گوێرهی بریاری ژماره ١ی ساڵی ٢٠٠٢ ههڵوهشاوهتهوه . .

# ساڵی ٢٠٠٢

**بڕیاری ژمارە (١) لە ٦/ ٤/ ٢٠٠٢**

پێدانی دەسەلأت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی تایبەت بۆ زیندانیان و وەستانی رێوشوێنە یاساییەکان دژ بە تۆمەتبار و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە (١٠)لە ١٠/ ١٠/ ٢٠٠١

**بڕیاری ژمارە (٤) لە ١٣/ ٥/ ٢٠٠٢**

پێدانی دەسەلأتی سەرپەرشتیکردنی ئەو مزگەوتانەی کە لەسەر زەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستدەکرێن بەو کەسانەی کە مزگەوتەکە یان تەکییەکە دروستدەکەن و وەك (مشرف) دادەمەزرێن و وەزارەتی ئەوقافیش کاروباری دارایی و ئیداری دەکەوێتە ئەستۆ .

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ٢٧/ ٥/ ٢٠٠٢**

لابردنی تەجاوزاتی هاولأتیان لە سەر زەوی و زاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بڕیاری ژمارە (٦) لە ٢٨/ ٥/ ٢٠٠٢**

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو موزایەدانەی کە لە رۆژی ٣١/ ٨/ ١٩٩٦ لە شاری هەولێر ئەنجام دراون .

**بڕیاری ژمارە (٧)لە ٣٠/ ٦/ ٢٠٠٢**

جێبەجێکردنی حوکمەکانی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠١ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەر مامەڵەکانی دووبارە تۆمارکردنی زەوی و خانوبەرە.

**بڕیاری ژمارە (١٢) لە ٣/ ١٠/ ٢٠٠٢**

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە (٣١) لە ٦/ ١١/ ١٩٩٧ تایبەت بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی لەلایەن دەسەلأتدارانی قەزایی دژ بە هەردوو ئەندامی پەرلەمان عەبدوللاَ رەسول عەلی (کوسرەت) و مستەفا سەید قادر.

**بڕیاری ژمارە (١٣) لە ٣/ ١٠/ ٢٠٠٢**

دەسەلأتدان بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەموارکردنەوەی ڕێژەی ئەو باج و رسومات و کرێیەی لە یاسا و بڕیارە بەرکارەکانی هەرێمدا هاتوون.

**بڕیاری ژمارە (١٤) لە ٣/ ١٠/ ٢٠٠٢**

دەسەلأتدان بە سەرۆك وەزیرانی هەرێم بە هەواڵەکردنی ئەندامانی سوپای کوردستان بۆ خانەنشینکردن و دیاریکردنی مووچەی شایستەی خانەنشینیان بە گوێرەی پلە و روتبەکانیان.

**بڕیاری ژمارە (١٥) لە ٣/ ١٠/ ٢٠٠٢**

دەسەلاَتدان بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە پێدانی مینحە و هەموارکردنەوەی دەرماڵەی کارمەندانی فەرمانگەکانی هەرێم .

**بڕیاری ژمارە (١٦) لە ٣/ ١٠/ ٢٠٠٢**

پێوستبوونی وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزیری ناوخۆ لە لایەن ئەو هاولاَتیانەی کە پەیوەندی دەکەن بە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە .

**بڕیاری ژمارە (١٧) لە ٣/ ١٠/ ٢٠٠٢**

دەسەلاَتدان بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە هەواڵەکردنی ئەو دادوەر و ئەندامانەی داواکاری گشتییەی کە تانە لە دەستپاکیی و بیٚ لایەنی یاخود بیٚ تواناییان دەدرێت بۆ خانەنشینی یان گواستنەوەی راژەکەیان بۆ دەرەوەی کەرتی دادوەریی .

**بڕیاری ژمارە (٢١) لە ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٢**

دانانی خولی کارکردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ٤/ ١٠/ ٢٠٠٢ تا کاتی ئەنجامدانی هەلَبژاردنی خولی هەلَبژاردنی دوومی ئەنجومەنەکە و گرێدانی دانیشتنی یەکەمی بە ناوی خولی گواستنەوەی (ئینتیقالی) .

**بڕیاری ژمارە (٢٤) لە ٦/ ١١/ ٢٠٠٢**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە میانەی خولی گواستنەوەیدا مامەڵە لەگەڵ هەردوو ئیدارەکەی هەرێم دەکات تا کاتی یەکگرتنەوەیان یان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان ، کامیان نزیکتر بوو .

**بڕیاری ژمارە (٢٦) لە ٧/ ١١/ ٢٠٠٢**

تەبەنیکردنی پرۆژەی دەستووریی هەرێمی کوردستان – عێراق لە چوار چێوەی سیستمی فیدراڵی عێراقی یەکگرتوو .

**بڕیاری ژمارە (٢٧) لە ٧/ ١١/ ٢٠٠٢**

پرۆژەی دەستووری کۆماری فیدراڵی عێراق وەك پێشنیاری دەستوری عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی دیموکراتی .

# ساڵی ٢٠٠٣

**بڕیاری ژمارە (٣٠) لە ٩/ ١/ ٢٠٠٣**

نرخاندنی هەوڵەکانی لیژنەی باڵآی هەماهەنگی و لیژنە فەرعیەکان لە پێناو ئاشتەوایی نیشتمانیی و یەکریزی گەلی هەرێمی کوردستان.

**بڕیاری ژمارە (٣١)لە ١٥/ ١/ ٢٠٠٣**

بودجەی هەرێم بۆ ساڵی دارایی ٢٠٠٢ متمانە دەکاتە سەر خەرجی و داهاتەکانی بودجەی هەرێم بۆ ساڵی دارایی ٢٠٠٣.

**بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ٦/ ٢/ ٢٠٠٣**

چاوخشاندنەوە بە کەمکردنەوە و زیادکردنی نرخی ئەو خانوانەی کە دراون بە کرێ لە چوارچێوەی سنووری شارەوانیەکان بە جۆرێك گونجاوبێت لەگەڵ بارودۆخی ئابووری هەرێم[1].

[1] ئەم بریارە هەڵوەشایەوە بە گوێرەی یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە ٨٧ ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بڕیاری ژمارە (٣٤) لە ١٩/ ٣/ ٢٠٠٣**

ڕاگەیاندنی باری لە ناكاو لە هەرێمی كوردستانی عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٣٥) لە ٢٠/ ٤/ ٢٠٠٣**

ئیلغاكردنەوەی باری لە ناكاو لە هەرێمی كوردستانی عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٣٧)لە ١٢/ ٥/ ٢٠٠٣**

سوپاسنامە بۆ هێزی ئاشتیپارێزی (P.M.F ) و داواكردنی كۆتایی هێنان بە مانەوەی هێزەكانیان لە ناو هەرێم و گەڕانەوەیان بۆ توركیا .

**بڕیاری ژمارە (٣٨) لە ١٨/ ٥/ ٢٠٠٣**

ئەنجومەنی سەندیكای پارێزەرانی هەرێمی كوردستانی عێراق بەردەوام دەبێت لە بەڕێوەبردنی كاروباری سەندیكاكە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە بەرواری كۆتایی هاتنی ماوەی خولی ئەنجومەنی ئێستا .

**بڕیاری ژمارە (٤٢ ) لە ٢٥/ ١٠/ ٢٠٠٣**

ئەنجومەنی هەموو سەندیكا یان یەكێتییەك یان یەكێتیەكی پیشەیی بەردەوام دەبێت بە گوێرەی یاسای تایبەت بۆ ماوەیەك كە لە یەك ساڵ تێپەڕنەكات لە بەرواری كۆتایی هاتنی خولی دیاریكراوییەوە .

# ساڵی ٢٠٠٤

**بڕیاری ژمارە (٤٨) لە ١٩/٦/ ٢٠٠٤**

دانانی رۆژی ١٧/ ١٢ ی هەموو ساڵێك بە رۆژی ئالاّی كوردستان و رۆژی دایك لە كوردستان .

**بڕیاری ژمارە (٥٥) لە ١٢/ ١٠/ ٢٠٠٤**

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.

**بڕیاری ژمارە (٥٦)لە ١٢/ ١٠/ ٢٠٠٤**

وەستانی كاركردن بە مەرسومی كۆماری ژمارە (٥٩٩) ی ساڵی ١٩٧٨ .

**بڕیاری ژمارە (٥٨) لە ٩/ ١٢/ ٢٠٠٥**

قبوڵكردنی دەستلەكارهەڵگری و ناوزەدكردن و متمانە پێدان لەسەر ئەو گۆڕانكارییانەی لەپەیكەری ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیدا روویاندا .

# ساڵی ٢٠٠٥

**ژمارەی بڕیار (٦٠) لە ١٥/ ١/ ٢٠٠٥**

ئیقرارکردنی ئەنجامگەلی کۆششی سەرکردایەتی کوردستان بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوك و بانگهێشتکردنی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە ئیتنیکی و سیاسی و ئاینییەکان بۆ بەشداری کارایانە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە سەر هەموو ئاستەکان[1] .

**بڕیاری ژمارە (١) لە ٤/ ٦/ ٢٠٠٥**

هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٣) لە ١٢/ ٦/ ٢٠٠٥**

هەڵبژاردنی مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ١٦/ ٦/ ٢٠٠٥**

پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق .

---

[1] ژمارەی بڕیارەکە درێژکراوە ریزبەندی ژمارەی بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستانە . .

# ساڵی ٢٠٠٦

**بڕیاری ژمارە (١٠) لە ٢٠/ ١٢/ ٢٠٠٦**

وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) ژمارە (٣٦٨) لە ٩/ ٩/ ١٩٩٠ .

# ساڵی ٢٠٠٧

## بڕیاری ژمارە (١) لە ٧/ ٦/ ٢٠٠٧

هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (١) لە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق ژمارە (٢٥) لە ٦/ ١٠/ ١٩٩٧ تایبەت بە هەموارکردنی تەمەنی خانەنشینی مامۆستایان و سەپەرشتیاریی پەروەردەیی و پسپۆران لە تەمەنی (٦٣) ساڵی بۆ (٦٨) ساڵی .

## بڕیاری ژمارە (٢)لە ٧/ ٦/ ٢٠٠٧

وەستانی کارکردن بە مەرجی هاوسەرگیری هاتوو لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤١)ی یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ی ساڵی ١٩٧٩ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

## بڕیاری ژمارە (٣) لە ٧/ ٦/ ٢٠٠٧

تایبەت بە خانەنشینکردنی سەرپەرشتیاری دادیی .

# ساڵی ٢٠٠٨

## بڕیاری ژماره (٢) له ٦/ ٢٠٠٨

دانانی ئەو تاوانانەی که دەرهەق به گەلی کورد له عێراق ئەنجام دراوه به تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و تاوانی دژ به مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ.

## بڕیاری ژماره (٣)له ٢٥/ ٩/ ٢٠٠٨

دانانی رۆژی ١٦/ ٣/ ١٩٨٨ به رۆژی بۆردومانکردنی هەڵەبجه به چەکی کیمیاوی لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری له ناوچووەوه.

# ساڵی ٢٠٠٩

**بڕیاری ژمارە (٢) لە ٢٥/ ٣/ ٢٠٠٩**

ڕەتكردنەوەی پێشنیاری یاسای پشتبەستن بە لیستی كراوە لە لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەماندا .

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ١٣/ ٥/ ٢٠٠٩**

درێژكردنەوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كە لە ١٢/ ٦/ ٢٠٠٩ كۆتایی دێت تا كاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆكێكی نوێ بۆ هەرێم و دەستبەكاربوونی .

**بڕیاری ژمارە (٦) لە ١٣/ ٥/ ٢٠٠٩**

درێژكردنەوەی خولی پەرلەمانی كوردستان كە لە ٤/٦/٢٠٠٩ كۆتایی پێدێت تا هەڵبژاردنی پەرلەمانێكی نوێ و گرێدانی كۆبونەوەی یەكەمی .

**بڕیاری ژمارە (٧) لە ١٣/ ٧/ ٢٠٠٩**

تەرخانكردنی بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریكی لە بودجەی پەرلەمانی كوردستان بۆ دامەزراندنی باخچەیەك لە شاری هەڵەبجە بە ناوی پاركی پەرلەمان .

**بڕیاری ژمارە(١١) لە ١٧/ ٩/ ٢٠٠٩**

هەمواركردنی ماددەی (٣٨) لە پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی كوردستانی هەمواركراو .

## بڕیاری ژمارە (١٣) لە ٢٨/ ١٠/ ٢٠٠٩

متمانە بەخشین بە کابینەی حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی د. بەرهەم ئەحمەد صالح

# ساڵی ٢٠١٠

**بڕیاری ژمارە (١) لە ٢٠/ ٦/ ٢٠١٠**

ڕەتكردنەوەی پێشنیاری دانانی یاسای دەستەی پشكنین و سەیتەرەی جۆرایەتی لە هەرێمی كوردستان .

**بڕیاری ژمارە (٢)لە ٢٠/ ٦/ ٢٠١٠**

ڕەتكردنەوەی پێشنیار بۆ دەركردنی یاسای داواكاری گشتی لە هەرێمی كوردستان .

**بڕیاری ژمارە (٣)لە ٢٧/ ٦/ ٢٠١٠**

ڕەتكردنەوەی پێشنیاری یاسای خوێندنی كراوە لە هەرێمی كوردستان – عێراق .

**بڕیاری ژمارە (٤) لە ٢٧/ ٦/ ٢٠١٠**

پەسەندكردنی ژمێرەی كۆتایی حكومەتی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩ .

**بڕیاری ژمارە (٦) لە ٢٦/ ١٠/ ٢٠١٠**

دانانی سەری ساڵی یەزیدیەكان كە دەكاتە ڕۆژی چوار شەممەی یەكەمی مانگی نیسان بە ڕۆژژمێریی ڕۆژهەلاّتیی بە پشووی فەرمی لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بڕیاری ژماره (٨) له ٢٧/ ١٢/ ٢٠١٠**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ لە هەرێمی کوردستانی عێراق .

**بڕیاری ژماره (٩)له ٢٧/ ١٢/ ٢٠١٠**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای موحازەراتی مامۆستایان لە قۆناغە بنەرەتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بڕیاری ژماره (١٠) له ٢٨/ ١٢/ ٢٠١٠**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای پێشخستن و بوژانەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**بڕیاری ژماره (١١) له ٣٠/ ١٢/ ٢٠١٠**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق .

# ساڵی٢٠١١

**بڕیاری ژمارە (١) لە ٢٣/ ٢/ ٢٠١١**

بڕیارە (١٧) خاڵییەکەی پەرلەمان دەربارەی ڕووداوە نەخوازراوەکانی هەرێمی کوردستان

**بڕیاری ژمارە (٨) لە ٢٧/ ٤/ ٢٠١١**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای ڕێگری کردن لە ڕێکخستنی لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ .

**بڕیاری ژمارە (٩) لە ٢/ ٥/ ٢٠١١**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای یەکخستنی وشە و دەستەواژەکان لە هەرێمی کوردستان .

**بڕیاری ژمارە (١٨) لە ٢٦/ ٩/ ٢٠١١**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری ڕێپێدەری شەرعی (مأذون شرعی)

**بڕیاری ژمارە (٢٨)لە ٢٨/ ١١/ ٢٠١١**

ڕەتکردنەوەی یاسای ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە جلو بەرگی کوردی لە یەکەم کۆبونەوەی دەستپێکردنی هەموو خولەکانی پەرلەماندا .

## بڕیاری ژمارە (٢٩)لە ٢٨/ ١١/ ٢٠١١

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای ئاوەدانکردنەوە و هاوچەرخکردنی گوندەکان.

# ساڵی ٢٠١٢

**بڕیاری ژمارە( ٦) لە ٥/ ٤/ ٢٠١٢**

متمانەدان بە کابینەی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان – عێراق بە سەرۆکایەتی بەرێز نێچیرڤان بارزانی و بەرێز عیماد ئەحمەد سەیفور جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بڕیاری ژمارە( ٨) لە ٣٠/ ٤/ ٢٠١٢**

بڕیاری رەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای قەدەغەکردی سواڵکردن لە هەرێمی کوردستان.

**بڕیاری ژمارە (١٤) لە ٢٧/ ١٢/ ٢٠١٢**

بڕیاری ناونانی شاری سلێمانی وەك پایتەختی رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

# ساڵی ٢٠١٣

**بڕیاری ژمارە (٢) لە ١٥/ ٤/ ٢٠١٣**

ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای دایەنگە لە هەرێمی کوردستان.

**بڕیاری ژمارە (٥) لە ١٢/ ٦/ ٢٠١٣**

پەسەندکردنی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بڕیاری ژمارە (١٨) لە ٧/ ٢/ ٢٠١٣**

بڕیاری پەسەندکردنی ژمێرەی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠١١.

# ساڵی ٢٠١٤

**بڕیاری ژمارە ( ١٢ ) لە ١٨/ ٦/ ٢٠١٤**

متمانەدان بە کابینەی وەزاری هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی .

**بڕیاری ژمارە ( ١٤ ) لە ٢٩/ ٦/ ٢٠١٤**

درێژکردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٤ کە لە ٣٠/ ٦/ ٢٠١٤ کۆتایی دێت بۆ ماوەی یەك مانگ لە ٣٠/ ٦/ ٢٠١٤ بۆ ٣٠/ ٧/ ٢٠١٤ .

**بڕیاری ژمارە ( ١٦ ) لە ١٧/ ٧/ ٢٠١٤**

ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥) ی ساڵی ٢٠٠٤ و بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان .

**بڕیاری ژمارە ( ١٨ ) لە ٢٣/ ٧/ ٢٠١٤**

تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش

**بڕیاری ژمارە ( ١٩ ) لە ٢٣/ ٧/ ٢٠١٤**

تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە .

**بڕیاری ژماره ( ٢٢) له ٢٣/ ٩/ ٢٠١٤**

پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوه و به دواداچوون بۆ به جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ به پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

**بڕیاری ژماره ( ٢٣) له ٣٠/ ٩/ ٢٠١٤**

بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە به پایتەختی ئاشتی کوردستان – عێراق.

**بڕیاری ژماره ( ٢٤) له ١٥/ ١٠/ ٢٠١٤**

پاڵپشتیکردنی گەلی رۆژئاوای کوردستان له هەر شێوازێکی خۆبەرێوەبردن.

**بڕیاری ژماره ( ٢٨) له ٢٢/ ١٠/ ٢٠١٤**

رەزامەندی دەربڕین لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری له کوبانێ.

# یاسا و بڕیارە

## وەستێنراو و کارپێکراو هەڵوەشاوەکانی ناوەند

## یاسا و بڕیارە وەستێنراو و هەموارکراو و هەڵوەشاوەکانی ناوەند

**یەکەم:یاساو بڕیارە راوەستێنراو سڕکراوەکان**

١ـ وەستانی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٧٢٠) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ٩/ ١١/ ١٩٨٩ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٦) لە ٣١/ ١/ ١٩٩٣ پەرلەمانی کوردستان.

٢ـ سڕکردنی یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی ١٩٨٣ و ئەو رێنماییەی کە بۆی دەرچووە هەروەها سڕکردنی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە ژمارەکانی ٣٦٤ و ٣٦٧/ ١٩٩٠ و ئەو رێنماییانەی پێی دەرکراوە بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١١) لە ٢٢/ ٢/ ١٩٩٣ ی پەرلەمانی کوردستان.

٣ـ سڕکردنی ژمارەیەك لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و کار پێنەکردنیان:

(١٩٧ لە ١٥/ ٩/ ١٩٨٦) و (٨٣٧ لە ١٤/ ٦/ ١٩٧١ ) و (١٣٥٧لە١٠/ ١١/ ١٩٧١) و( ١٧٦ لە ٢٤/ ٢/ ١٩٧٤ )و(٨٠٧ لە ٢٩/ ٧/ ١٩٧٥) و( ٨٨٤ لە ٣/ ٣/ ١٩٧٨)و ( ١٣٨٦لە٢٠/ ١٠/ ١٩٧٩)و(١٧٠٨لە ١٧/ ١٢/ ١٩٨١) و (٤٥٨ لە ٢١/ ٤/ ١٩٨٤) و( ١١٢٨ لە ٢١/ ٩/ ١٩٨٥) و( ١٥٢٩ لە٣١/ ١٢/ ١٩٨٥) و (٧٤٩ لە ٣/ ٩/ ١٩٨٦) و(٨٤٠ لە٤/ ١١/ ١٩٨٦) و( ٧٣٦ لە ٨/ ٩/ ١٩٨٨) و( ٥٢٩لە ٢٣/ ٨/ ١٩٨٩ ) و

(٦٣٢ لە ٧/ ١٠/ ١٩٨٩) بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٣٥)لە ٣/ ٧/ ١٩٩٣ ی پەرلەمانی کوردستان.

٤ـ وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (٦٠٠) لە ٢٧/ ٤/ ١٩٨٠ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١٢) لە ٣/ ٥/ ١٩٩٤ ی پەرلەمانی کوردستان.

٥ـ وەستانی کارکردن بە یاسای ژمارە (٤٩) یساڵی ١٩٩٠ و یاسای هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ و بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (١٤٥) لە ٢١/ ٥/ ١٩٩١ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٢٢) لە ٦/ ١٠/ ١٩٩٧ ی پەرلەمانی کوردستان.

٦ـ وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ٨١٥ لە ٢٠/ ٦/ ١٩٨٢ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٢٦)لە ١٣/ ١١/ ٢٠٠٠ی پەرلەمانی کوردستان.

٧ـ وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە ٢١١ ی ساڵی ١٩٨٤ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٨) لە ٢٨/ ٦/ ٢٠٠١ی پەرلەمانی کوردستان.

٨ـ وەستانی کارکردن بە ماددەی (٣) و (٤٧)ی یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارە (٧٨) ی ساڵی ١٩٨٠ بە یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ,٢٠٠١

٩ـ وەستانی کارکردن بە بڕگەی (٢) لە مادەی (٣٧٧) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بە گوێرەی یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠١ .

١٠ـ وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە ٢١١ ی ساڵی ١٩٨٤ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٨) لە ٢٨/ ٦/ ٢٠٠١ ی پەرلەمانی کوردستان.

١١ـ وەستاندنی کارکردن بە یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی ١٩٨٠ تایبەت بە هاوسەرگیری کردنی دووەم بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠١ .

١٢ـ لەکارخستنی بڕ و ڕێژە و سنووری ئەو ڕەسمە عەدلیانەی لە ماددەکانی یاسای ژمارە (١١٤)ی ساڵی ١٩٨١ی هەموارکراودا هاتوون بە گوێرەی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ .

١٣ـ لەکارخستنی ماددەگەلێك لە یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ ی ئوسوڵی موحاکەمە سزاییەکانی عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٣ .

١٤ـ لەکارخستنی ماددەی (١٥٦) لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ .

١٥ـ وەستانی سەپاندنی ئەو سزایەی کە لە ماددە(١٤٤)ی یاسای ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩ ی سزاکاندا هاتووە جەریمەکانی دژ بە ئافرەتی بە شوو ناگرێتەوە بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ .

١٦ـ وەستانی کارکردن بە مەرسومی کۆماریی ژمارە (٥٩٩) ی ساڵی ١٩٧٨ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٥٦)لە ١٢/ ١٠/ ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان.

١٧ـ لەکارخستنی بڕگەی (١) لە مادەی (٤٠٨) لە یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراو ی ساڵی ١٩٦٩ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٤.

١٨ـ وەستانی کارکردن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) ژمارە ٣٦٨ لە ٩/ ٩/ ١٩٩٠ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (١٠) لە ٢٠/ ١٢/ ٢٠٠٦ ی پەرلەمانی کوردستان.

١٩ـ راگرتنی کارکردن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەڵوەشاوە) ژمارە (١٦٣١) لە ٣٠/ ١٠/ ١٩٨٠ و ١١٣٣ لە ٢/ ٩/ ١٩٨٢ بە یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پەرلەمانی کوردستان. کارکردن بە ماددەکانی (٤٤٠ و ٤٤١ و ٤٤٢ و ٤٤٣) ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان.

٢٠ـ راگرتنی کارکردن بە یاسای ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٨٥ یاسای باجی جێماوەکان(قانون ضريبة التركات) لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە ٢٦ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پەرلەمانی کوردستان.

٢١ـ راگرتنی کارکردن بە یاسای ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٧٨ ی عێراقی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەربوومی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ,٢٠٠٨

٢٢ـ راگرتنی کارکردن بە یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ ی یاسای پارێزگاکان بە پێی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢٣ـ وەستانی کارکردن بە یاسای دارستانی عێراقی ژمارە ٧٥ ی ساڵی ١٩٥٥ بە گوێرەی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٠ ی پەرلەمانی کوردستان.

٢٤ـ لە کارخستنی یاسای مافی دانەری عێراقی ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٧١ بە گوێرەی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠١٢ ی پەرلەمانی کوردستان.

**دووەم:یاساو بڕیارە لە جێبەجێکراو و هەموارکراوەکان**

**١ـ بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٤١)ی یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو بە گوێرەی یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠١ .**

**٢ـ هەموارکردنی ئەو غەرامانەی کە لە یاسای سزادانی ژمارە(١١١) ی هەموارکراودا هاتوون بە گوێرەی یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٢ .**

**٣ـ دەوام پێدانی بەرکارخستنی یاسای ئەحوالی شەخسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٤ .**

**٤ـ کارپێکردنەوە بە ماددەکانی دەروازەی دووەم لە یاسای بنچینەکانی دادگاییکردنی سزایی، بە گوێرەی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٦ .**

**٥ـ هەموارکردنەوەی یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ .**

**٦ـ یاسای پاشکۆی یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ لە هەرێمی کوردستان – عێراقبە گوێرەی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ .**

٧ـ هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی زەوی عەرەسە ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٦٢ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

٨ـ هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانوبەرەی ژمارە (١٦٢ )ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

٩ـ پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

١٠ـ جێبەجێکردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی) ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

١١ـ جێبەجێکردنی یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی فیدراڵی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٠ لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

١٢ـ جێبەجێکردنی یاسای رێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان – عێراق ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ بە گوێرەی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

١٣ـ کارپێکردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

١٤ـ هەموارکردنی پیادەکردنی بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە (٨٧) ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨.

١٤ـ هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ .

١٥ـ جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستان عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٠ .

١٦ـ جێبەجێکردنی یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (١٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١١ .

١٧ـ جێبەجێکردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١١ .

١٨ـ جێبەجێکردنی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١١ .

١٩ـ جێبەجێکردنی یاسای بنەماکانی دادگا سزاییەکانی عێراق ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١١ .

٢٠ـ جێبەجێکردنی یاسای سزایی سەربازی عێراق ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ .

٢١ـ هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ .

٢٢ـ جێبەجێکردن و پیادەکردنی یاسای دادنوسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٢ .

٢٣ـ جێبەجێکردنی یاسای ڕاژەی زانکۆیی فیدراڵی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکرداو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٣ .

٢٤ـ جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرانی دادی ژمارە (٨٠)ی ساڵی ٢٠١٢ ی ئیتیحادی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٣ .

## سێهەم: بڕیار و یاسا هەڵوەشاوەکان

١ـ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (٨٥٩ و ٣٢) له بەرواری ١٩٧٥/٨/١٠ و ١٩٧٨/٥/٢٠ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٣) له ٢٨/ ٤/ ١٩٩٩ی پەرلەمانی کوردستان.

٢ـ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (٣٥٨) له ١٦/ ٣/ ١٩٧٨ بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٤) له ٢٨/ ٤/ ١٩٩٩ی پەرلەمانی کوردستان.